# چەوساوەبوون ناکاتە فریشتەبوون

**هەژێن**

**١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤**

گەورەترین دیماگۆگیەتی ئایدیۆلۆجیبازان و سەرەکیترین گرفتی تاکی حلشامت ئەوەیە، کە هەردەم خەریکی پیرۆزکردنن!

ئەم ڕۆژانە پێداهەڵدانی ژنان وەك، پێداهەڵدانی کرێکاران لە دەهی پەنجای سەدەی ڕابوردوودا باوە و وەها کەشێك سازێنراوە، کە چەوساوە کراوەتە فریشتە و لە هەموو بوونێکی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی داماڵراوە. ڕاستە کرێکاران بەگشتی چەوساوەن و ڕامیاران و سەرمایەداران بەهەرەکێشیی لە ڕەنجیان دەکەن، ڕاستە ژنان بەگشتی چەوساوەن و پلە دووەن و ڕووبەڕووی توندوتیژی یاسایی و کولتووری دەبنەوە، بەلام هەرگیز ئەم دوو بوونەوەرە بێتاوان نین و لە دەرەوەی کۆمەڵ و کایە کولتووریی و دەسەڵاتە ڕامیاریی و ئابوورییەکانەوە نین!

ئەگەر کرێکاران ئەو بوونەوەرە فریشتە و دابڕاوەن لە تاوان و سیستەمەکە، ئەدی چینی سەروەر و مشەخۆر چۆن خۆی ڕادەگرێت، ئەدی کێ دەنگ بە ڕامیاران دەدات و دەیانکاتە سەروەر و مسەخۆر، ئەدی هێزی بزووتنەوە فاشیست و نەژادپەرست و دژە-پەنابەر و کۆچەر، ئەدی دز و ساختەچی و ئەدی پاسەوان و پۆلیس و سەرباز، ئەدی داعش و مافیا و تیرۆرستان کێن و لە کوێوە هاتوون؟

ئەگەر ژنان هەمووان فریشتەن و بێتاوان و دابڕاون لەو کولتوور و پەیوەندییە کۆمەلایەتییانەی کە شەرف و نامووس دەکەنە پاساوی کوشتن، ئەدی لە کوێن و لە کوێوە هاتوون، ئەدی منالئازاردەرەکان کێن، ئەدی دژە خەسووان و دژە بووکان و دژە هەوێ و دژە منداڵی هەوێیان کێن، ئەدی شووکەران بەسەر هەوێ کێن و ئەدی هاندەرانی پیاوان بۆ ناموسپارێزی کێن، ئەدی خەتەنەکەران کێن، ئەدی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئیسلامی کێن، ئەدی دەلالانی باندە سێکسفرۆشییەکان کێن؟

بە بۆچوونی من گەورەترین لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاری و ئازادیخوازی چەوساوان پیرۆزکردنی چەوساوەیە و گێلکردنییەتی. پیرۆزکردن ئامرازی گێلکردنە و گێلکردنیش ئامانجی لە پشتەوەیە:

پارتییە کۆمونیستەکان کرێکاران پیرۆزدەکەن، تاوەکو گێلیان بکەن و هەموو بروایەکیان بە هێز و توانانی خۆیان لێ بستێنن و خۆیان [سەرانی پارتییەکان] بکەنە فریادڕەس و لەو ڕێگەیەوە بە دەسەڵات و مشەخۆریی بگەن!

پارتییە ناسیونالیستەکان ئێتنییەکان لەژێر دێوجامەی "نەتەوە"دا پیرۆزدەکەن، تاوەکو تاکەکانی گێلبکەن و و هەموو بڕوایەکیان بە هێز و توانای خۆیان ـێ بستێنن و خۆیان بکەنە فریادڕەس و لەو ڕێگەیەوە بە دەسەڵات و مشەخۆریی بگەن!

فێمنیستە دسەڵاتخوازەکان ژنان پیرۆزدەکەن، تاوەکو گێلیان بکەن و هەموو بڕوایەکیان بە هێز و توانای خۆیان ـێ بستێنن و خۆیان [ژنانی دەسەڵاتەخواز] بکەنە فریادڕەس و لەو ڕێگەیەوە بەدەسەڵات و مشەخۆریی بگەن!

بەبۆچوونی من چەوساوە فریشتە نییە، چەوساوە بەشێکە لە هێزی چەوساندنەوەی خۆی؛ ڕاگری کۆیلایەتی خودی کۆیلان بوون، ڕاگری دەرەبەگایەتی خودی جوتیاران و نەوەکانی جوتیاران بوون، ڕاگری سەرمایەداری خودی کرێکاران و نەوەکانی کرێکارانن، ڕاگری نێرسالاری و پلەدووی ژنان خودی ژنانن، هەروەها هەموو ژنان ستەم لێکراو نین و ژنانی سەرمایەدار و دەسەڵاتدار وەك پیاوانی سەرمایەدار و دەسەڵاتدار چەوسێنەری ژانن!